### خاتوو ئایلین ئولکەر لەناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی ئۆییڤ لە ئەنقەرە بۆ گوڵان:

# ئەمریکا هەوڵدەدا بارگرژییەکانی نێوان تورکیا و کوردستان هێور بکاتەوە



**رۆشنبیران، جورئەتی ئەوە ناکەن دەنگی نارەزایی بەرزبکەنەوە و گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتی کوردی و حکوومەتی عێراق و دەسەڵاتی هاوپەیمانان کە رازی نەبن مافەکانیان پشتگوێ بخرێ و داوای گەرانەوەی کەرکووک بۆ کوردستانەوە بکەن**

**پێویستە کورد لەهەرەشەکانی تورکیا نەترسێن**

**دوای دەنگدانەوەی لێدوانەکانی سەرۆکی کوردستان و فراوانتربوونی پشتگیری گەلی کورد بۆ سەرۆک بارزانی هەموو نەیارانی کورد کەوتنە نێو جموجۆڵی سیاسیی و سەربازییەوە. دوایین کاردانەوەش ئاخاوتنەکانی ژەنراڵ یەشار بویوک ئانت سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا بوو کە جارێکی دیکە سەلماندی چاوی بەدەستکەوتەکانی کوردستان هەڵنایەت و رایگەیاند کە بەنیازن ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لەباکووری عێراق ئەنجام بدەن. دوای ئەو لێدوانانەی بویوک ئانت هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کورد بەیەک دەنگ نارازیبوونی خۆیان نیشاندا و تەنانەت لەناوەندەکانی راگەیاندنی جیهانیش بووە مایەی نارەزاییەکی گەورە بەتایبەت بەرپرسانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپاش نارازەیی خۆیان لەبەرامبەر ئەو لێدوانانە نیشاندا. هەروەک پەیڤداری کۆشکی سپی شۆن مەککۆرمەک وەڵامی ئاخاوتنەکانی یەشار بیوک ئانت-ی سوپاسالاری تورکیای نەدایەوە کاتێک رۆژنامەوانان ویستیان بۆچوونەکانی لەبارەی ئەو لێدوانانەی سوپای تورک بخاتەروو. پەیوەست بەم پرسە گرنگ و هەڵواسراوە لەنێوان هەرێمی کوردستان و کاردانەوەکانی تورکیا بەرێز ئایلین ئولکەر بەمشێوەیە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربری:**

پێش هەموو شتێک ئەم داخوازیانە لەسەر داخوازی تورکیا پێشکەوت، لەرێگای نەهێشتنی تیرۆرەوە دەیانەوێت لەسەر سنور هێرش بکەنە سەر قەندیل و کەرکووک. بەڵام من لەو بروایەدانیم ئەمریکا و عێراق هەنگاوی لەم چەشنە باوێن چونکوو تاکو ئێستا لەسنووری نێوان تورکیا و عێراقەوە هیچ لایەنێک نەیتوانیوە دەسەڵاتدار بێت. هاوکات تیرۆرستێکیش نەیتوانیوە بەدرێژایی ئەو ناوچە سنووریانە بۆ نێو خاکی عێراق دزە بکات.

ئێستا تورکیا دەیەوێ ئەم کارە بکات، لەژێرەوەش دەیەوێ شەری پەکەکە بکات. بەڵام پێموایە هەریەک لەئەمریکا و حکوومەتی عێراقیش درک بەو راستیە دەکەن. راستە هێزەکانی پاراستنی گەل، لەسنووری نێوان هەردوو وڵاتدا هەن بەڵام هەتاکو ئێستا هیچ ئاستەنگێکیان دروست نەکردووە، بەپێچەوانەوە یارمەتیدەری ئەوپرۆژەیە بوونە، سنوورەکانیان پاراستووە، دیارە لەو سنورانەوەش هەرەشە لەحکوومەتی عێراقی نەکراوە. لێرەدا نیازی تورکیا لەو پرۆژەیە زۆر گرنگە چونکوو دەیەوێت پیلانگێریەکی نوێ لەسەر ستاتۆی هەرێمی فیدراڵی کوردستان پەیرەو بکات.

بێگومان، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات بارگرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی فیدراڵی کوردستان هێور بکاتەوە دوابەدوای ئەو دیمانەیەی سەرۆکی کوردستان کە لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ئەلعەرەبییە سازیکرد. دیارە بەرێوەبەرایەتی بوش ماوەیەکی دوور و درێژ هاوسەنگی نێوان هەردوولای راگرتبوو، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا شۆن مەککۆرمەک هێمای بۆ ئەوە کرد کە لەهەوڵی ئەوەدان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ ئەو کێشەیە هەڵواسراوانە.. بەڵام ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوولا زیادی کردووە لەکاتێکدا تورکیا دەڵێت کوردەکانی عێراق لەبەرامبەر پەکەکە ئارامن و تەنانەت پشتیوانیان دەکەن. بەتایبەتی کە بریارە لەکۆتایی ئەمساڵ لەرێی ریفراندۆمێکەوە چارەنووسی کەرکووک دیاری بکرێ. بەڵام ئەنقەرە نیگەرانە لەبەرامبەر بەوەی "کۆنترۆڵکردنی کەرکووک لەلایەن کوردەوە باوەر دەکرێ هانیان بدات بۆ دروستکردنی دەوڵەت و، لەوانەشە دەوڵەتەکەیان فراوانتربکەن و ناوچە کوردنشینەکانی تورکیاش بگرێتەوە".. هەروا کاتێک لە شۆن مەککۆرمەک- یان پرسی ئەمریکا هەتا کەی لەدژی ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا دەوەستێتەوە؟ داخۆ رێگا بەتورکیا دەدەن ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لەباکووری عێراق ئەنجامبدەن؟ لەوەڵامدا گوتی: "ئێمە گرنگی بەیەکێتی خاکی عێراق دەدەین و لەدژی ئۆپەراسیۆنی عەسکەری تورکیاین". بۆیە ئێستا تانسیۆنێکی بڵند لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دروستبووە، پاساوی ئەو تانسیۆنەش بەنسیبەتی تورکیاوە بوونی شەرڤانانی پەکەکەیە، بەڵام لەدیدی مەککۆرمەک باشترین رێگا بوونی هاوئاهەنگییە لەنێوان کوردستانی

**خاوخلیسکی کورد لەبەرامبەر مژاری کەرکووک زیانێکی زۆری بەشوناسی کوردستانیبوونی ئەو شارە گەیاندووە کە رۆڵی نێگەتیڤی لەهەڵپەساردنی دۆسێی کوردستانێتی کەرکووک بینیوە**

عێراق و تورکیا کە لەئەنجامی ئەو نزیکایەتییە پێویستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی لەم چەشنە نامێنێ.

بەڵام سەرنج دەدەین، باسکی سەربازی لەتورکیا لەماوەی ١١ ساڵی ڕابردوودا هاوکات پەیوەندە نادیارەکانی ژەنراڵ یەشار بویوک ئانت و لێدوانە توند و هەڕەشەئامێزەکانی وا دەردەکەوێ کە توندوتیژییەکانی لەدژی گەلی کورد لەتورکیا زیاتر بکات کە لەپرێس کۆنفرانسەکە بەئاشکرا گوتی هەوڵدەدەین لەمپەر بخەینە بەردەم چالاکییەکانی کوردان. هەروەک ئەوەش دەزانرێ کە لەماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا هێرشی سەربازی بۆ سەر خاکی کوردستانی ئازاد لەرۆژەڤی تورکیادایە و دەخوازێ پێشڤەچوونەکانی کوردستانی ئازاد ئاستەنگ بکات و لەبن ناوی پاکتاوکردنی پەکەکە گوشارەکانی بۆ سەر کوردەکانی تورکیا زیاتر بکات. بەڵام ئەوان باش دەزانن هێرشی سەربازی لەدژی هەرێمی کوردستان و گەڕانەوە لەو شەڕە کارێکی هێندە ئاسان نییە. لەبەرئەوەی کورد لەهەمان خاکدا دەژین و لە دژی دوژمنەکانیان خاوەن ئەزموون و تێکۆشانی ٩٠ ساڵەن.

پێموایە ئەگەر گەلی کورد بەیەکڕیزیی هەڵسوکەوت بکەن ئەوا دەتوانن پلانەکانی دەوڵەتی تورک پوچەڵ بکەنەوە. دەبینین لەماوی ساڵانی ڕابردوو هەموو کارەسات و هێرشە گەورەکان کوردیان لەیەکتر نزیک کردۆتەوە، لەم قۆناخەش نزیکبوونەوەی کوردان لەهەموو شتێک گرنگترە. لەبەرئەوەی هیچ گومان لەوەدا نییە کە تورکیا پتر بەدوای تێکدانی ئەزموونی فیدراڵی کوردستان دەگەڕێ و هەروەک لەماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا بەشێوەگەلی جودا هەوڵیداوە ستاتۆی هەرێمی کوردستان لەبارببات. بۆ ئەو ئامانجەش سوپای تورکیا بەهاوکاری هێزە نادیارەکانی دەوڵەت لەدوای پلانی جیاجیا دەگەڕێن هەروەک لەڕابردوودا پلانی کلاسیکیان ئامادەکردووە و بەبیانوی پەکەکە و تیرۆر دەخوازن هێرش بکەنە سەر کوردستانی ئازاد، هاوکات بۆ ئەو پلانەشیان هێرشەکانیان بۆ سەر بزووتنەوەی سیاسیی و مەدەنی کوردی لەتورکیا زیاتر کردووە. من پێموایە بەپێشخستنی هۆشیاری نەتەوایەتی کوردان، هێزە نەژادپەرستەکانی تورک و سوپای تورکیا و دوژمنانی کورد و هێزە شاراوەکانی دەوڵەت هەموو بەرژەوەندییەکانیان لەدەستدەدەن، لەبەرئەمەش ئەو هێزانە لەپێشکەوتنی کوردان دەکەونە نێو مەترسی و دڵەڕاوکێوە.

## پەلەنەکردن لەئاسایکردنەوەی کەرکووک زیان بەکوردستانێتی ئەو شارە دەگەیەنێ

**ڕێکخراوی قەیرانی نێودەوڵەتی ( The Internasional Group risis ) ڕاپۆرتێکی ٣٠ لاپەڕەیی سەبارەت بەمەسەلەی کەرکووک ئامادەکردووە و لە ١٩ ئەم مانگەدا لەژێر ناوی (Kirkuk the cri- resolving :Kurds and the Iraq) sis بڵاویکردۆتەوە، کە پێویستە سەرکردایەتی کورد لەسەری بوەستێ بەتایبەت کە ڕاپۆرتەکە زۆر خاڵی تەمومژاوی لەئامێزگرتووە. هەروەها سەرۆکی کوردستانیش لەدیمانەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئەلڕەئی) ئوردنی لەبەرامبەر زیادبوونی ئاڵۆزییەکانی کەرکووک ڕوونیکردەوە کە ئەگەر کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان ئەوا هێزەکانی ئاسایشی کوردستان دەتوانن ئارامی و ئۆقرەیی بۆ ئەو شارە بگەڕێنەوە... سەبارەت ئەرکی سیاسەتی کوردی بۆ پاراستنی شوناسی کوردستانی بوونی کەرکووک خانمی ئولکەر بەمشێوەیە ڕای خۆی دەربڕی:**

سیاسەتمەدارانی کورد بەهەر شێوەیەک لەشێوەکانی ململانێی سیاسیی گونجاو دەبێ کەرکووک بلکێنن بەکوردستانەوە. لەبەرئەوەی کورد وەرەقەی فشاری زۆر گەورەی بەدەستە لەدژی حکوومەتی مالیکی و دەسەڵاتدارانی ئەمریکییەکان بەکاری بهێنێت بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان، کە بەڕای ئێمە کورد لەهەموو بارێکدا سەرکەوتوو دەبێ ئەگەر ئەو کارتانە بەکاربێنێ. ئەمەش دەبێتە مێژوویەکی پرشنگدار لەمێژووی نوێی کورد و مەشخەڵێکی سەربەرزی دەبێ بۆ پێشەوایانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و سەرجەم میللەتی کورد. لەڕاستیدا، من خۆم وای دەبینم تائێستا خاوخلیسکی کورد لەبەرامبەر مژاری کەرکووک زیانێکی زۆری بەشوناسی کوردستانیبوونی ئەو شارە گەیاندووە کە ڕۆڵی نێگەتیڤی لەهەڵپەساردنی دۆسیێی کوردستانێتی کەرکووک بینیوە، کە بەداخەوە دەکرا تائێستا ئیدارەی کوردی کاری زۆر گەورەیان بۆ کەرکووک بکردایە کە پتر باجەکەی خەڵکی کەرکووک و کوردستان داویەتی. بەکورتی بۆئەوەی کورد کەرکووک لەو دۆخە ناجێگیر و مۆڵەقئاسایە ڕزگار بکا دەبێ چەند هەنگاوێکی جیددی بنێ و گوشاری زیاتر بخاتە سەر حکوومەتی مالیکی. من دەتوانم لەو خەمساردییەی بەرامبەر پرسی کەرکووک دەکرێ پێنج لایەنی سەرەکی تۆمەتبار بکەم:

یەکەم: خودی کورد، لەلایەک بەهۆی ناکۆکی حزبایەتی و لەلایەکی دیکەش لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراق بەهۆی دوو ئیدارەیی کوردی کە دژوارترین مۆدێلی پێشکەشی دانیشتووانی کەرکووک کرد. لەبەرئەوە پێموایە هیچ بەڵایەک لەبەڵای تەفرەقە و لەتبوون و پەرشوبڵاوبوونی کورد گەورەتر نییە.

دووەم: هێزی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمریکا، تەنانەت نارەزایی شەقامی کوردی و نامە گلیی ئامێزەکەی کاک مەسعود و مام جەلال باشترین دۆکیومێنتە.

سێیەم: وڵاتانی ئیقلیمی، کە بەئاشکرا دەست دەخەنە نێو کاروباری ناوخۆی عێراقەوە و بەرژەوەندییان لەناکۆکی و ناتەبایی گەلانی عێراقدایە.

چوارەم: گشت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە خۆیان لەبڕیاری سیاسیی پەراوێزخستووە، بەتایبەت ڕۆشنبیران، تەنانەت جورئەتی ئەوە ناکەن دەنگی نارەزایی بەرزبکەنەوە و گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتی کوردی و حکوومەتی عێراق و دەسەڵاتی هاوپەیمانان کە ڕازی نەبن مافەکانیان پشتگوێ بخرێ و داوای گەڕانەوەی کەرکووک بۆ کوردستان بکەن.

پێنجەم: هەوڵی ناحەزانەی چەند لایەنێکی شوڤێنی عێراق کە پتر بەفیکی وڵاتانی دراوسێ لێدەدەن و قورمیشکراون، بەتایبەت ڕەوتی سەدری و لایەنە ئیسلامییە توندڕۆکان و بەرەی تورکمانی داردەستی تورکیا.

**لەبارەی ئەو پرسیارەی داخۆ تاچەند پێیوایە ئەمریکییەکان لەژێر گوشاری تورکیا و هەندێک لەوڵاتانی عەرەبی دەستبەرداری خواست و داواکارییەکانی کورد دەبن لەبەرامبەر پاراستنی ستاتۆی کەرکووک، لەوەڵامدا خانمی ئولکەر گوتی:**

ئەمریکییەکان بەردەوام بەرژەوەندی خۆیان زیاتر لەبەرچاوگرتووە تابەرژەوەندی خەڵکانی دیکە، تەنانەت ئەو خەڵکانە دۆستیش بن. ئەمە تەنها قسەی کورد نییە بەڵکو قسەی خودی ئەمریکییەکانە. جا من بەدووری نازانم لەژێر گوشاری تورکیا هەندێ لەوڵاتانی عەرەبیدا بیانەوێ دەستبەرداری داخوازییەکانی کورد بن. ئەگەر کورد بەم ڕەوشەی ئێستای بمێنێتەوە و کارتەکانی فشاری بەگەڕ نەخات، ئەوا بەدیدی ئێمە بەرژەوەندی ئەمریکاش ئەوە داوا دەکات. هەروەک چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ڕۆس ویلسۆن-ی باڵیۆزی ئەمریکا لەئەنقەرە لەگەڵ گروپێکی ڕۆژنامەوانانی تورک گوتی "من باش نازانم ئەمساڵ ڕیفراندۆم لەکەرکووک ئەنجامدەدرێ یان نا، بەڵام ئەو شتەی دەیزانم ئەوەیە چەند وتوێژێکی جیددی لەسەر وادەی ڕیفراندۆم ئەنجامدراوە". بەتایبەتیش سەرنج دەدەین ئەو بەرزبوونەوەیەی نرخی نەوت کە ئێستا بازاڕی جیهان بەخۆیەوە دەبینێ و پێویستی ئەمریکا بەو نەوتەیە لەساڵانی داهاتوودا.

بۆیە دەبێ گوتار و ستراتیژییەتی سیاسیی کوردی پتر وەڵامی داخوازی و پێداویستییەکانی ئەم قۆناخەی گەلی کورد بداتەوە. دەربارەی ئەم خاڵەش زیاتر گوتی: دەتوانم بڵێم کورد تائێستا گوتارێکی سیاسیی و ستراتیژی تۆکمەی ئەوتۆی نییە کە لەئاستی ڕووداو و گۆڕانکارییە گەورەکانی ئەم قۆناخەدا بێت. ڕووخانی ڕژێمی سەددام ڕووداوێکی زۆر گەورە بوو بەداخەوە کورد نەیتوانی بەباشی لێی سوودمەند بێت، چونکوو یەک گوتار و یەک ستراتیژی نەبوو، کە دواجار نەبوونی یەک گوتاری ڕەنگیدایەوە لەنەبوونی یەک هەڵوێستی.